# خاوەنی ئەنفالەکانیش:با مەسئولەکان نەیەنە شارەکەمان ، ئەگینا؟!

میرخاس خانەقینی

بەدەگمەن لەم دونیایەدا، گەلێکی ستەمدیدەی وەکو گەلی کورد دەبینیت، ئەم گەلە بەلەنگاز و هەژار و ئازادینەدیتە، هەندەی قوربانی داوە، بەهیچ شتێك پاداشت نادرێتەوە، وەکو روبار خوێنی لێوەچۆڕاوە و بەڕۆژانە و بە بەردەوامی گیانی بێگەردی رۆڵەکانی کردوەتە باجی تێکۆشان لەبەرامبەر چەوسانەوەی نەتەوەیی و ژێرچەپۆکی جەلادەکانی . ئەمەش لەپێناوی ئەوەی بتوانێت ئەم بارودۆخە نالەبارە تێپەڕ بکات و بگاتە ئامانجەکانی لە ئازادی و دیموکراتی.

بەتەنیا گەلی کوردە توانیویەتی وێڕای هەموو ژینۆسایدەکانی لە وێنەی ئەنفال و هەڵەبجە و کۆڕەوە ملیۆنیەکەی بەهاری 1991 و کاولکردنی هەزاران گوند و ئاوایی، درێژە بەتێکۆشانی رەوای خۆیبدات لەبەرامبەر بە هەموو ئەو زوڵم و زۆرییەی کە لە سەدەی بیستەمدا لە لایەنی سیستەمی بێ دادی سەرمایەداری جیهانیەوە، دەرهەقی ئەنجامدراوە.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو ناحەقی و زوڵمەی کەلێمان دەکرا، بێ منەت بوین و بەخۆمانمان دەگوت لەمە زێدەتر لە داگیرکەران و نەیاران چاوەڕوان ناکرێت، بۆیە بە بەردەوامی و لەگەڵ هەموو ئەو زۆڵم و زۆریانەشدا، رۆژبەڕۆژ گەلی کورد بەورەتر دەبوو و باوەڕیشی بەهێزتر دەبوو، کەچی لەسایەی "15" ساڵ دەسەڵاتدارێتی دوو هێزی کوردیدا، کۆمەڵگای کوردی وتاکی کورد دووچاری رەوشێکی نالەباری دەروونی هات و بەیەکجارەکی بێ باوەڕ بوون.

هەروەکو چۆن لە رابردوودا گەل هیچ جارێك کۆڵی نەداوە، ئەوا روداوەکانی ئەم ساڵیش ئەو راستینەیەی سەلماندەوە کەوا دەبێت گەل بۆ ماوەیەك هەندێ چاودێری بارودۆخەکە بکات، یاخود لەبەرامبەر بێ دادیدا بۆ ماوەیەك بێ دەنگ بێت ، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، زوڵم و زۆری و ناحەقی پەسەند ناکات، ئەوەبوو لە رانیە"دەروازەی راپەڕین"لە کەلار و رزگاری دەڤەری ئەنفال کراو و هەڵەبجە"ناسنامەی چەوسانەوەی نەتەوەیی و سیاسی"یمان، گەل بەگشتی و بەتایبەتی لاوان و خوێندکاران گوڕیان بە خۆپیشان و دەربڕینی نارەزایەتی لە بەرامبەر گەندەڵی و قۆڕخکردنی داهاتەکانی کۆمەڵگا لەلایەن مەسوولی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە داوە.

ئەو (رانیە)یەی کە لەدژی چەوسانەوەی نەتەوەیی راپەڕی و بوە هاندەر بۆ راپەڕینی سەرتاسەری بەهاری 1991 دیسانەوە لەبەرامبەر گەندەڵی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان راپەڕی و قەڵای دەسەڵاتدارانی هەژاند. لەمەش گرنگتر خەڵکی ئەنفالکراوی گەرمیان"کەلار – رزگاری" و بەتایبەتی توێژی لاوان و خوێندکاران بەڕوی دەسەڵاتداراندا تەقینەوە و گڕیان لە بارەگا و مۆڵگەی حیزبی دەسەڵاتدار بەردا و سەد جار نەفرەتیان لە گەندەڵی و گەندەڵکاران کرد، وا ئەمرۆکەش دیسانەوە کەوتونەتە جوڵە و داواکارییەکانیان لەڕووی دەسەڵاتداران بەرزدەکەنەوە. ئاشکرایە کە هەڵەبجە و کیمیابارانکردنی بەدونیایی ناساندین و بۆ زیاتر لە پانزە ساڵە بۆتە ناسنامەی نەتەوەیی و سیاسیمان، کەچی ئەمیش واتە"هەڵەبجەییەکان" لە بەرامبەر گەندەڵی و گەندەڵکاران راپەڕین، لاوانی هەڵەبجە وەرچەرخانێکی جدییان لەرەوتی روداو و پێشکەوتنەکان بەدی هێنا و قەڵای گەندەڵیان بەسەر خاوەنەکانیاندا روخاند.

بۆیە ئەو دەسەڵاتەی کە خودی خۆی ئەو ناوانەی لەو شارانە کردووە و بەخۆشی ئەمرۆکە تەقە لە لاوان و خوێندکارانیان دەکات، شتێکی ئاسایی نییە، بێگومانیش خۆپیشاندانەکانی ئەم سێ شارە زەنگێکی جددیە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری ریشەیانە، ئەگینا وای لەحاڵی دەسەڵاتداران.